کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 21:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوێنێ کەرکوک تورکمانی بوو... ئەمڕۆ هەولێریشی هاتە پاڵ ... هەورامان علی توفیق

Berzi-san@web. de



کورد وگرفتە گلۆڵە بووە ڕامیاری و نەتەوەییەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەچن و پیلان و کێشەکان لەبری ئەوەی ڕوولە کەم بووەنەوە بنێن بەرەو زیادبوون دەچن.. ڕەنگە لێرەدا تەنها دوژمنان و ناحەزان هۆکارێك نەبن بۆ زیادبوونی ڕێژە و گرفت و تەگەرەکان بەڵکو ئێمەی کورد لەسیاسیەکانمانەوە تا دەگاتە تاکێکی ئاسایی ئەو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ بێت هۆکارێکین و ناوەبەناوە هاوکاریشین بۆ زەمینە خۆشکردن و لەباربردنی تا دوژمنەکانی کورد و نەیارانی و دەستە دەرەکیەکان و ناوخۆییەکان کارو گەمەی بێ ترسی خۆیان بکەن..

ئەمەش مانایی ئەوەنیە کە هەوڵەکان یان خەبات و تێکۆسان و کوردایەتی و دڵسۆزی و بەردەوام بوون لەبەدی هێنانی خواستە نەتەوەییەکان کە بەلای هەندێ کەسەوە بە پێویست نەماون و دەخوازن ڕێگا چارەی دی بۆ کێشەکان بدۆزنەوە وەك چۆن دەیانەوێ لەڕێگای ووتووێژی مۆدێرن لەپێناو ئینسانی بوونی شاری کەرکوك و ڕێگا چارەیەکی شارستانی ئەو گرفتە بەکۆتایی بێنن کە کورد و باوباپیرانی ئەوان (ئەگەر ئەوانیش لەبنەڕەت دا کورد بووبن) لەو پێناوەدا قوربانیان داوە و چەندین ساڵە ئەوەی بەکورد دەکرێ لەو پێناوەدایە و ئەمڕۆ بەو ئاسانیە دەیانەوێ لەدەستی بدەین و تەنها بەناوی ئینسانیەت و مۆدێرنیەت و شارستانیەتەوە گرفتێکی مێژوویی چارەسەربکەن وەك دوژمنانی کورد هەمیشە بەو ئەقل و مەنتقە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەی کوردا کردبێت.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێکە کورد دوور لەئیسانیەت و ڕێزگرتن لەیاساکانی مافی مرۆڤ و قبوڵ بوونی پێکەوە ژیان و ڕێگاچارەی ئاشتیانە بیربکاتەوە. هەمیشە کورد بیری لەوە نەکردۆتەوە بەو شێوەی کە دوژمنان ڕەفتاریان لەگەڵ کردوە بەهەمان شێوەڕەفتاربکاتەوە و باشترین نمونەش شۆڕشەکانی کوردستانی باشور کە دووژمنەکان لەوپەڕی دڕندەیی دابوون بەڵام ڕەفتارو مامەڵەکردنی شۆڕش و چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مافەکان لەڕەوتی ئینسانی و ڕێگای ڕاستی خۆیی بەهەموو کەمو کوڕی و هەڵەکانیشیەوە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکان لایان نەداوە و ئەمەشە وایی کردووە بارودۆخی کوردستانی باشور جیاوازی هەبێت لە بەڕێوەچوونی سیاسەت و ڕەوتی شۆڕشەکان لە پارچەکانی تری کوردستان..

سەبارەت بەم پرسە وگرفتی کەرکوك و ماددەی 140 و ڕێگا چارەیی بەشێوەیەکی ئینسانی و ئەو هەوڵانە.. پێشتر ووتارێکم لەو بارەیەوە نووسی و زۆر لەڕۆشبیران و نووسەران لەم بارەیە سەرنج و بیروڕایان بڵاوکردەوە و پێویستە لەوە زیاتریش بنووسرێت چونکە گرنگە لەڕێگای ئاستە ڕۆشنبیریەکانەوە لەدەرگای ئەم مەسەلەیە بدەین شان بەشانی ڕەوتی سیاسی و کۆششە بەردەوامەکان، چونکە ئەمڕۆ گرفتەکان بەشێوەیەکی دی و لەڕوانگەیەکی ترەوە کاریان بۆدەکرێت و گرنگە کوردیش بە بەرنامەی درێژخایەن و ئایندەیی لەو مەسەلانە بڕوانێت.. من لێرەدا دەمەوێ لەو مەسەیە بدوێم کە سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی لەو چاوپێکەوتنەی دا کە بۆ ئاوێنە دوابوو و جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە نەك تەنها کەرکوك تورکمانیە بەڵکو هەولێریش تورکمانیە...

ئەگەر دەسەڵات و کۆمەڵگا و ئەوانەی بەئاگان لەڕەوتی بەڕێوەچوویی ئەمڕۆیی کورد و بارودۆخەکان و بگرە ئەمەش ڕەگ و ڕیشەیی هەبێت و ئەگەر ئەمڕۆ بەدیار نەکەوێت ئەوە ئایندە دەیسەلمێنێت کە تاچەند کارگەری هەیە.. کاتێك لەخۆمان بپرسین بنەمایی ئەم قسانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە.. ؟ تاچەند ئەمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەڕاستیەوە نزیکە.. ؟ دەبێ هۆکارەکان چی بن بۆ لێدوانێکی لەم شێوەیە.. ؟ تاچەند ئەمانە بڕوایان بەڕاستی قسەکانی خۆیان هەیە.. ؟ ئەگەر ئەم قسانە ڕاستبن دەبێ چی بکەین و چۆن ڕاستن.. ؟
ڕاستە کەرکوك تورکمانی تێدا دەژی و ناکۆکیەکان و تورکمانی بوون و کورد بوونی ئەم شارە لەمێژەوەیەو دواتر بەعەرەب بوونیش بۆ زیاد بوو.. بەڵام وا ئەمڕۆ نهێنیەکی تر و نیازێکی تریش دێتە مەیدانەوە کە نەك تەنها کەرکوك ئەوە هەولێریش زیادی کرد.. ئەوە شاری قەڵاو منارەش بووە تورکمانی و دەیانەوێ کورد بوونی لێکەنەوە.. بەڵام ئەوەی گرنگە و ئەوەی جێگای سەرنجە دانیشتوانی ئەم شارە و ئەوانەی کە تێیدا دەژین و ئەوانەی کەبە زمانی کوردی و تورکی قسەدەکەن و ئەوانەی کە پێناسەیی کورد بوونی خۆیان لەدەست داوە بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن.. ئەوانەی کە منداڵەکانیان کوردی نازانن و تەنانەت لەماڵەوەش بەتورکی قسەیان لەگەڵ دەکەن.. وادەکات کە نەك بۆ ئەمڕۆ بەڵام بۆ چەند ساڵێکی دی ئەم شارە بەرەو تورکمانی بوونی بچێت لەوەی بەرەو کورد بوونی.. ڕەنگە لەدروست بوونی شەڕی ناخۆیی کورد و بەش بوونی کوردستان زەمینەیەکی لەبار بوو کە ڕەگوو ڕیشەی تورکمانی بوونی ئەم شارە داکوترێت و ئەو ناونوسین و خۆکردنەوە بەتورك بۆ هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی و تێکەڵ بوون بەو زمانە هۆکارێکی ناوزخۆیی کوردیە بۆ سەرگرتنی ئەو مەرامە..
زۆر لەو ماڵە هەولێریانە دەناسم و دەتوانم بڵێم هەموو ئەوانەی من لەو چەند ساڵەی ژیانی پەنابەریم و لەزۆربەی وولاتانی ئەوروپی و ئەو شارانەی تێیاندا ژیاوم هەولێریەکم نەدی بەتورکی قسەنەکات، یا منداڵەکانی ئەو زمانە نەزانن کاتێك منداڵ فێری زمانێك دەبێ کە قسەی پێ بکرێت لەگەڵی واتە لەماڵەوە ئەو دایك و باوکە قسەیی پێدەکەن بۆیە منداڵیش فێردەبێت.. کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ماڵە تەنها بەتورکی قسە دەکەن و دواتر منداڵەکەشیان نازانێت کوردە یا تورك.. خێزان دەناسم منداڵەکانیان کوردی نازانن و لەقوتابخانە زمانی دایکیان بە تورك نوسراوە و خۆشیان بەکورد دەزانن، ئەمە بەسەدان لەو شێوە خێزانانە هەن لەژیانی پەنابەری دا و ئەوە بێ گومان لەناوخۆیی کوردستانیشدا لەوانە زۆرن و لەوانەشە هەندێك یان بەبێ ئەوەی هەست بەترسناکی ئەو مەسەلەیەبکەن و خۆشیان بەهەڵە نەزانن، بەڵام ئەو شێوە مەرامانە سەردەخەن..
کەواتە دواتر ئێمە دەمانەوێ سیستەمێکی دیموکراتی لەسەر بنەمایی یاسایی و دادپەروەری لەکوردستان دروست بکەین کە لەڕێگای دەنگ دانەوە کاروباری ئەو وولاتە بەڕێوەبەرین ئەگەر ڕۆژگارێك ڕێژەی تورکمان وەك ئەوەی (جەمال شان) ئاماژەیی پێداوە کە سەرژمێری ساڵی 1957 ئەوەی نیشان داوە کە تورکمانەکان لە هەولێر زۆرینەبوون ئەوە سەرژمێریەکانی ساڵانی داهاتووش بێ گومان ئەوە نیشان دەدەن کە هەر ئەوان زۆرینەن ئەگەر حاڵ بەم شێوەیە بیرکردنەوەیی کەسایەتی دانیشتوانی هەولێر بێت.. بۆ سبەیش خواگەورەیە ئەگەر نەڵێن سلێمانی و دووسبەیی دهۆك تورکمانین.. ئەوەی لێرەدا گرنگە بەئاگایی و هۆشیاری و بیرکردنەوەیە لەئایندە. نەك تەنها بینینی بەردەمی خۆمان چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت تەنانەت بەردەمی خۆشمان نابینین و هێچ گرنگیەك بۆ ئەو گرفتانە دانانێین و بڕواشمان بەوە نیە باسیان لێوەبکەین، بەڵام کاتێك وەك ئەمڕۆیی کەرکوك دەبێت ڕاستێك و نەتوانین خۆمانی لێ لادەین و لێی دەربازبین و ببێتە گرفێکی تری چاوەڕوان نەکراو و پلان بۆدانەنراو.. کەواتە ئەرکی ڕۆشنبیران و ئەوانەی بەخەم پرسە نەتەوایەتیەکانەوەن هەمیشە ئەم شێوە بابەتانە بوروژێنن و ئەو کۆمەڵگایە ووشیاربکەنەوە و لەو هەنگاوە هەڵانە بەئاگایی بێنەوە تا ڕێگا ڕاست و دروستەکان بگرینەوە بەرو ئایندەو پاشەڕۆژی منداڵانمان و نەوەکانی دواخۆمان بەڕوونی و گەشاوەیی ڕاگرین و بەدوریان خەینەوە لەهەموو نەهامەتی و گرفتە پێشهاتەکان و ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ ئێمەی تێدا دەژین...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.